# چ بخوێنینەوەو چۆن بخوێنینەوە؟

کەریم شارەزا

خوێندنەوە ئەمڕۆکە بووەتە سەرچاوەی تێگەیشتن و فێربوونی زانیاریی هەمەجۆری پێویستی ژیان، جا بۆیە پێویستە بەدوای کتێب و سەرچاوەی بەنرخ و سوودبەخشدا بگەڕێین، بۆ ئەوەی مێشکمانیان پێ زاخاو بدەین و هۆش و بیرمانیان پێ ڕووناک بکەینەوە.

پێویستە چ کتێب و چاپەمەنییەکی باشەو خوێنەر جوان پەروەردە دەکەن و بەچاکی لەناو بۆتەی ئەزموونی ژیانی هاوچەرخدا قاڵیان دەکاتەوەو دەبنە رابەری لە مەیدانی پێشکەوتندا، بەوردی بیان خوێنینەوە، چونکە ئەو کەسەی قۆناغی سەرەتایی رۆشنبیریی بڕی و فێری خوێندنەوەی بەردەوام و رێکوپێک بوو و، خووی دایە خوێندنەوەی گۆڤارو کتێبی بێ کەڵک و زیانبەخش، بەم کردەوەیەی نەک هەر وەختە بەنرخەکەی دەکوژێت، بەڵکو خۆیشی دەفەوتێنێ(١)، چونکە ئەو جۆرە خوێنەرانە لەم چەشنە بابەتانە وەرس دەبن و ئەو کتێبانەیان بەیەکجاری لەبەرچاو دەکەوێ و لە ئەنجامدا دەست لە خوێندنەوەی هەموو جۆرە کتێب و گۆڤارێک هەڵدەگرن و لێرەدا مانای ئەوەیە دەرگای ژیان لەسەر خۆیان دادەخەن و دەچنە ڕیزی مردووان.

خوێنەر لەسەرەتای ژیانی رۆشنبیریدا خوێندنەوەکەی لەبوارێکی فراواندا دەسوورێتەوە، بەڵام لەدواییدا بەرەو تایبەتمەندیی و پسپۆڕی دەچێ و حەز دەکات بەدەیان کتێب لەسەریەک بابەتی ئەدەبی یا رۆشنبیریی یا زانستی بخوێنێتەوە، تاکو زانیارییەکی پوخت و پتەویان

لێ وەدەست دێنێ و بتوانێ بابەتێکی کورتیان لەسەر بنووسێ و مافی ڕەوای خۆیان پێبدات.

بۆ نموونە: ئەگەر بیەوێ بابەتێکی نوێ لەسەر شاعیرێکی ناوداری کورد وەک حاجی قادری کۆیی (١٨١٧-١٨٩٧) بنووسێ، پێویستە بەدەیان سەرچاوەی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی و مێژوویی لەسەر ژیانی تایبەتی شاعیر و هۆنراوە و شاعیرییەتی حاجی و باری سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابووری کوردستانی ئەو سەردەمەی ژیانی شاعیر و قۆناغی ئەدەبییەکەی بە وردی بخوێنێتەوە ئینجا دەست بداتە پێنووسەکەی و بابەتێکی شیاو لەسەر ئەو شاعیرەمان بنووسێ.

لەوکاتەی کە خوێنەر لەبواری خوێندنەوەکەیدا بەرەو پسپۆڕی دەچێ، نابێ لەسەر حسابی ئەو پسپۆڕییەشی خۆی لە مەیدانی ڕۆشنبیریی گشتی بکێشێتەوە و هەندێ لە زانایان بەم جۆرە ئامۆژگاری لاوان دەکەن بۆ خوێندنەوەی گشتی:

١- پێویستە زمانەکەی خۆیان بەچاکی و بە هەموو لقەکانیەوە بزانن و گەلێک سەرچاوەی زمانەوانی لەو بارەیەوە بخوێننەوە و هەوڵ بدەن بەلانی کەم زمانێکی زیندووی بێگانەش فێربن.

٢- مێژووی گەلەکەیان بەدرێژی و مێژووی جیهان بە کورتی بزانن و بەلانی کەمەوە شارەزای جوگرافیای ولاتەکەیان و دەوروبەرەکەیان بن.

٣- ئاگاداری ئەو گۆڕانکاریانە بن، کە بەسەر کۆمەڵگای جیهانیدا هاتوون و ئاگاداری ئەو شۆڕشە رامیاریی و ڕۆشنبیرییانە بن کە لە هەموو لایەکی جیهاندا بەرپابوون و بەچاکی لەو زاراوە کۆمەلایەتی و سیاسی و ئابووری و یەکسانی، سەربەستی ئافرەت، دیمۆکراسی، سوسیالیزم، نێو نەتەوەیی، نیشتمانپەروەری، ئیمپریالیزم، کۆمۆنیزم.. بگەن(٢). گەیشتنە ئەو ئامانجەش تەنیا بەخوێندنەوەی بەردەوام و ڕێکوپێک دەبێ و خوێندنەوەی بەردەوامیش کتێبی زۆرو باش و کتێبخانەی تەواوی دەوێ، کە پێویستە لە هەموو شارو شارۆچکەو شارەدێیەک کتێبخانەی گشتی هەبێ و پڕبن لە کتێبی هەمەجۆر، هەر لە دیوانی شیعرو کۆمەڵە چیرۆک و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و هونەری و بابەتی مێژوویی و جوگرافی تا دەگاتە ڕۆمان، چ خۆماڵی و چ وەرگێڕدراو لە زمانانی دیکەوە.

جگە لە کتێبخانەی گشتیش پێویستە هەر خوێنەرێکی بیەوی خۆی پێ بگەیەنێ و پێش بکەوێ، کتێبخانەیەکی ڕێکوپێکی لە ماڵەوەدا هەبێ، چونکە تا کتێب بەزۆری لەبەردەستی خۆی نەبینێ، فێری خوێندنەوەی ڕێکوپێک و بەردەوام نابێت.

نووسەری هەڵکەوتووی ئینگلیز{ئارنۆلد بێنێت ١٨٦٧-١٩٣١} ئامۆژگاری خوێنەرەکان دەکات و پێیان دەڵێ: (کتێبخانەیەک بکڕەو دەست بەکتێب کڕین بکە، هەر کتێبێکی بەچاک ناسرابێ بیکڕەو بیخوێنەوەو لێی وردبەوەو بەچاکی تێی بگەو(٣) گرنگی بدە بەرۆمان خوێندنەوە، چونکە دەتباتە دنیایەکی فراوانی سیحراوی. ئەگەر خۆت لەسەر خوێندنەوەی بەردەوام ڕاهێنا خۆت پێدەگەیەنی و دەبییە ڕۆشنبیرێکی زاناو هۆشیار.

**چۆن بخوێنینەوە؟**

ئادەمیزاد لە دنیادا هەرجارێک دەژی، جا پێویستە چۆن باشە وا بژی، هەوڵبدات ژیانێکی خۆش و ئاسوودە پێکەوەبنێ، هەروەک خۆراکی باش و پۆشاکی چاکی پێویستە، بەم پێیە پێویستیشی بەزانست و فێربوون و مێشک ڕوونکردنەوەیەکی بەردەوام هەیە(٤). بۆیە

پێویستە بەرێکوپێکی کتێب و گۆڤاری سوودبەخش بخوێنێتەوەو هەمیشە بەدوای سەرچاوە زانستییەکانی ژیاندا بگەڕێ بۆ ئەوەی زانیاریی پێویستی ژیانی ڕۆژانەی لێ هەڵێنجێ تاکو بتوانێ شان بەشانی مرۆڤی کۆمەڵگای جیهانی پێشکەوتوو بڕوات. بۆیە پێویستە مرۆڤ لە سەرەتای ژیانی رۆشنبیرییەوە بەوردی هەموو جۆرە رۆژنامەو گۆڤارو کتێبی رۆشنبیریی بەکەڵک بخوێنێتەوەو لە ناوەرۆکی بابەتەکەو ماناو مەبەستەکانی بکۆڵێتەوەو بەراوردیان بکات لەگەڵ زانیارییە تایبەتییەکانی خۆیداو بەپێی توانستی خۆی هەڵیان سەنگێنێ، تاکو بزانێ تا چ رادەیەک لەگەڵ لێکدانەوەو بۆچوونەکانی خۆی رێک دەکەون؟

بۆ ئەوەی خوێنەر لەم قۆناغە سەرەتاییەی خوێندنەوەیدا تووشی کتێب و سەرچاوەی لە سەرووی توانستی خۆی نەبێ، وەیا لەگەڵ قۆناغی تەمەنیدا نەگونجێ، پێویستی بەرێپیشاندان و رابەرییکردن هەیە، ئەمەش ئەرکی سەرشانی مامۆستایانەو واباشە ئامۆژگاریی خوێنەر بکەن تا سەرچاوەی بەنرخی لە ئاستی توانای زەینی و بیروبۆچوونی خۆی بخوێنێتەوە.

دوای ئەم قۆناغە سەرەتاییە خوێنەر خۆی هەست بەئارەزوویێکی تایبەتی دەکات بەرامبەر بەخوێندنەوەی جۆرە نووسینێکی تایبەتی و هەوەسی بەچەشنە هونەرێک یا ئەدەب و زانیارییەک دێت، ئەو هەوەسەیشی بەرەو پسپۆری و شارەزایی پەیداکردنی دەبات و زۆربەی کرداری خوێندنەوەکانی دەکەوێتە ناو چوارچێوەی ئەو جۆرە بابەتە تایبەتییەی کە لە ئەنجامی زۆر خوێندنەوەو هەوەس پێ هاتنییەوە بۆ خۆی هەڵبژاردووەو لەهەمان کاتیشدا بەشێکی مێشکی لەو خوێندنەوەیەیدا پەل بۆ لقەکانی دیکەی بابەتە رۆشنبیریی و هونەریی و زانیارییە گشتییەکان دەهاوێ.

بۆ نموونە: ئەگەر یەکێک لە ئەنجامی زیرەکی و زۆر خوێندنەوەی سەرچاوەی هونەری چیرۆک، بووە چیرۆکنووس، مانای ئەوە نییە خوێندنەوەکەی هەر دەبێ لەبواری ئەو هونەرە تایبەتییە نەچێتە دەرەوەو، دەرگای لقەکانی دیکەی ئەدەب لەسەر خۆی دابخات و بڵێ: (من چیرۆکنووسم و هەقم بەسەر بابەتەکانی دیکەی ئەدەبەوە نییە!)، بەڵکو دەبێ لەوکاتەی کە زۆربەی خوێندنەوەکانی بۆ تێگەیشتن و پێشخستنی ئەو هونەرەی چیرۆک تەرخان دەکات، دەبێ لە هەمان کاتیشدا بەشێکی خوێندنەوەکانی بۆ زانیاریی نوێ و رۆشنبیریی گشتی تەرخان بکات. وەک ئەوەی یەکێک پزیشک بێت مانای ئەوە نییە هەر بابەتی پزیشکی بخوێنێتەوەو بێ ئاگابێت لە مێژووی نەتەوەو ولاتەکەی خۆی و باری کۆمەلایەتی و ئابووری و سیاسی میللەتەکەی، بەڵکو دەبێ هەندێ لە کاتی خۆی بۆ خوێندنەوەی ئەو سەرچاوانەش تەرخان بکات کە لەو زانیاریانەوە دەدوێن.

بۆیە پێویستە تا لە ژیاندا بین هەر خۆمان بەشاگردێکی خوێندنگای ژیان دابنێین و هەرچەندە بشگەینە پایەیەکی بەرز لە زانست و رۆشنبیریی، نابێ رۆژێک لە رۆژان خۆمان بەزانا دابنێین و واز لە خوێندنەوە بێنین، بەڵکو خوێندنەوە هۆیەکی گرنگە بۆ بەهێزکردنی زەین و هۆش بۆ وەرگرتنی زانیاریی نوێ و گونجان لەگەڵ ژیانی تازەدا. (٥)

باشترین جۆرە خوێندنەوەو بەسوودترینیان ئەوەی، کە خوێنەر خامەیەک بگرێتە دەست و هێڵ بەژێر رستەی گرنگ و پڕ مانا دابهێنێ و چ

جێیەکی بەدڵ بێ رای خۆی بەرامبەر دەربڕێ، واتە خوێنەر بەشداریی لەگەڵ نووسەرو دانەری کتێبەکە بکات لە نووسین و دارشتندا(٦)،

ئەم جۆرە خوێندنەوەیە گیانی رەخنەگریی و هەڵسەنگاندنی بەرهەمی ئەدەبی و رۆشنبیریی لە لای خوێنەر پەروەردە دەکات، پێویستە هەرکەسێکی دەستی دایە کتێبێک، نەک هەر وازی لێ نەهێنێ تا تەواوی دەکات، بەڵکو هەتا لە کۆتایی خوێندنەوەکەیدا بڕیاری خۆی بەرامبەر بەنرخ و سەنگی کتێبەکە دەربڕێ دەستی لێ هەڵنەگرێ. وا باشە دەفتەرێک بگرێتە دەست و پوختەی ناوەرۆکی کتێبەکەو بیروڕای خۆی بەرامبەر تێدا تۆمار بکات و ئەوکاتە بەراوردێک لەگەڵ مێشکی خۆی بکات و بڵێ:«ئایا ئەوکات و ماندووبوونەی دەهێنا، کە خۆمم پێوە خەریک کردو ئەو پارەیە دێنێ کە پێمداوە یان نا؟»

بەم جۆرە کرداری خوێندنەوەکە دەبێ بەخوێندنەوەو فێربوون نەک هەر خوێندنەوە لەپێناوی خۆخافلاندن و وەخت بەسەربردندا. ئەگەر کتێبێکی باشمان خوێندەوە، واباشە دۆست و برادەرانمان هان بدەین بۆ خوێندنەوەی و ئەگەر تووشی کتێبێکی بێ کەڵکیش بووین دۆستەکانمان ئاگادار بکەینەوە لە بێ کەڵکی کتێبەکە تا خۆیان بەخوێندنەوەی ماندوو نەکەن.

**ئامانج و بڕیار لە خوێندنەوەدا:**

کاتێک کە کتێبێک یا گۆڤارێک دەخوێنینەوە، دەبێ بێجگە لە خۆشی و سوودوەرگرتن ئامانجێکی دیکەشمان هەبێ، کە مەبەستە سەرەکییەکەیەتی لەو کردارەی خوێندنەوەدا ئەویش{خوێندنەوەیە لە پێناوی فێربووندا} ئەگەر چەند کتێبێکی ئەدەبی ریالیزمیمان لەبەردەستدا بوو، هەر ئەوەندە بەس نییە بڵێین پێویستە بەخوێندنەوەیان هەموو شتێ لەبارەی ئەو رێبازەوە فێربین، بەڵکو پێویستە بڵێین:{نابێ ساڵێکی پێ بچێ دەبێ هەموو شتێ لەبارەی ئەو رێبازەوە بەوردی و بەقووڵی بزانین} ئەگەر بڕیاری وا توند نەدەین، کە ورەمان بەرزکاتەوە، ترسی سەرنەکەوتنمان بەسەردا زاڵ دەبێ.(٧)

خوێنەری بەڕێز ئەمەبوو کورتەیەک لەسەر بابەتی خوێندنەوە لەڕووی جۆری بابەتی خوێندنەوەکەو چۆنیەتی بەدواداچوونییەوە.

**سەرچاوەو پەراوێز:**

١- سلامە موسی - طریق المجد للشباب- القاهرە ١٩٤٩، ص٥٠

٢- هەمان سەرچاوە، ل٥١

٣- ئارنۆلد بێنێت- چەشەی ئەدەبی- وەرگێرانی عەزیز گەردی- بەغدا ١٩٧٨ ل١٠٦

٤- سلامە موسی- الادب والحیاة- القاهرە ١٩٥٦، ص١١٢

٥- محمد مصطفی یحیی- القراءة وطرائق التعلیم- بغداد ١٩٦٨،ص٢٣

٦- سلامە موسی- التثقیف الذاتي- ط(٣) القاهرة ١٩٥٨ص٧١

٧- ئارنۆلد بێنێت- سەرچاوەی پێشوو.